**دەنگەکان:**

**دوای تێپەربوونی 19 ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا، ئایا ئەدەب توانیویەتی لەناو خەیاڵ و فەنتازیا و زماندا ئەنفالێک دابمەزرێنێ جیاواز بێت لەو ئەنفالەی هەتا ئێستا زمانی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیا پێیان ناساندوین؟ تایبەتمەندی ئەو زمانە ئەدەبییە چۆنە کە ئەدەبی کوردی بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەنفال بەرهەمی هێناوە؟ ئاخۆ ئەدەب دەتوانێ زمانێک بێ بۆ بە جیهانیکردنی کارەساتی ئەنفال؟**

**حەمە کاکەڕەش :**



**ئێمە دەبێت بزانین ئەدەبێکمان نییە لە دەرەوەی کاریگەری حیزبە سیاسییەکان بتوانێت بیربکاتەوەو قسەبکات کە لە ئاوا دۆخێکدا ئەدەب حاڵی کەمێک لە ئەنفال باشتربێت ئیدی چۆن دەتوانین داوای ئەوە بکەین کە لە ناو خەیاڵ و فەنتازیاو زماندا ئەنفالێک دابمەزرێنێ جیاواز بێت لەو ئەنفالەی هەتا ئێستا زمانی سیاسی و ئایدیۆلۆژیا پێیا ناساندوین، ئەدەبی کوردی لە ژێر سمکۆڵانی ئەسپە کوێرەکانی سیاسەتی شەقاوەکانی دەستەڵاتی کوردیدا هەرچی خەیاڵ و فەنتازیاو زمانی هەیە لە چەندین لاوە بریندارکراوەو خوێنی لێدەتکێت ئەدەبێک سیاسەتێکی ئاوا نابینا ئەدیبەکانی برسی بکات و دواتر بەئارەزووی خۆی یارییان پێبکات، ئەدبیبەکان بکڕێ و ئەگەر نەیشکرا لە هەرچی کەناڵ و دەرگای هەناسەدانە بەڕووی ئەدیبە جدییەکاندا داخات بەخاتری ئەوەی کە ئەو ئەدیبانە ئامادەنین ببنە سیخوڕ و ڕاپۆرتنووسی حیزب، ئەدەبێک ئاوا ڕەفتار لە تەک ئەدیبەکانیا بکرێت، نا دەڵێم لە چەند هەوڵێکی داهێنەرانەی دەرەوەی دەستەڵاتی کوردی کە لە پەنجەکانی دەستێک تێناپەرن هیچ کارێکی وا بۆ ئەنفال نەکراوەو نەتوانراوە لە شین و شەپۆڕ و لاواندنەوە زیاتر نەتوانراوە لە ناو خەیاڵ و فەنتازیاو زماندا ئەنفالێک دەبمەزرێنێ،نەک هەر ئەوە نەکراوە نەک ئەو قیژە و هاوار و هەڵوەرینە نەنووسراونەتەوە نەک ئەنفال نەکراوەتە ناسنامەی نەتەوەیەکی خەدرلێکراو بەڵکو هەوڵی چەند ئەدیبێکی جدی نەبێت، هیچ خەمێک پرۆژەیەک لەسەروەستانێک نییە لە لایەن دەستەڵاتی کوردییەوە دەستەڵاتێک ئاوا خەمی کارەساتی ئەنفال لە یادکردنەوەیەکی سەرپێی ساڵانەدا قەتیس بکات بەردەوامیش لە هەوڵی داخستنی دەرگاکانی قسەکردنبێت، چۆندەکرێت ئەدەبی کوردی لە ژێر سێبەری ئەودەستەڵاتەدا بتوانێت قورسایی کارەساتی ئەنفال هەڵگرێت کە دەسەڵات ڕێگا خۆشکەرنەبێت چونکە بەزیندوو هێشتنەوە و ناساندنی ئەنفال بە نەوەکانی دادێ هەر بە هەوڵی تاقانەی نووسەرێک مەیسەرنابێت ئەگەر دەستەڵات چەندین نەخشەو پلانی نەبێت بۆ ئەوەی یادکردنەوەی ئەنفال هەر یادکردنەوەیەکی ساڵانەی حیزبی نەبێت پێویستە چەندین دەزگاو ڕێکخراو بەشداری تەواوی هەوڵی زیندو ڕاگرتنی ئەنفال بن لە چەندین شێوازی جیاوازدا.**

- **بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەت، کە دەپرسیت تایبەتمەندی ئەو زمانە ئەدەبییە چۆنە کە ئەدەبی کوردی بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئەنفال بەرهەمی هێناوە؟ ئاخۆ ئەدەب دەتوانێ زمانێک بێ بۆ بە جیهانیکردنی کارەساتی ئەنفال؟**
- **من دڵنیا نیم لەوەی کە ئەدەبی کوردی سەد دەرسەد زمانێکی تایبەتی بەرهەم هێنابێت بۆ بەرجەستە کردنەوەی ئەنفال، ئەوەی کە تائێستا لە ئەدەبی کوردیدا دەبینرێت لە هەوڵی چەند نووسەرێک تێنەپەڕیوە ئێمە چۆندەتوانین بڵێین ئەدەبی کوردی زمانێکی بەرهەم هێناوە بۆ بەرجەستە کردنەوەی ئەنفال کارەسات ئەوەیە لە ناو ئەو هەموو لیشاوی کتێبەدا کە لەسەر ئەنفال چاپدەکرێت نەک هەر نەتوانراوە زمانێک بەرهەم بهێنرێت بۆ بەرجەستەکردنی ئەنفال بگرە دوو سێ بەرهەمی دیار نەبێت ئەوی دی هەر لاواندنەوەو قسەی بازاری و وتارۆکەی**

**هەلبزرکاوە ئیدی چۆن دەتوانین دڵنیابین کە ئەدەبی کوردی زمانێکی بەرهەم هێناوە، ئەدەبێک زمانێکی تایبەت بەرهەم بێنێت بۆ بەرجەستە کردنی ئەنفال دەبێت خاوەنی دەیان شاکار بێت لەسەر ئەنفال بەڵام کامانەن ئەو شاکارو کتێبانەی کە دەتوانن بە قووڵی قسە لەسەر ئەنفال بکەن.**

- **بۆ ئەوەی دەپرسیت ئاخۆ ئەدەب دەتوانێ زمانێک بێ بۆ بە جیهانیکردنی کارەساتی ئەنفال؟**
- **بەڵێ بە دلنیاییەوە ئەدەب دەتوانێت زمانێک بێت بۆ بە جیهانیکردنی ئەنفال وەک چۆن لە دنیاد ئەدەب زۆر کارەساتی گەورەی ئینسانی بە جیهان ناساندووە بەڵام دەبێت زمانێکی ناسراو خاوەن قەوارەی ئازادی ،خاوەن دەستەڵات لە پشتی ئەو ئەدەبەوە بێت.**